# سەماحەتی حەکیم پیرۆزبایی دامەزراندن لە سوپای عێراقی دەکات و پاڵپشتی ئەو دەزگای سەربازییە دووپات دەکاتەوە




بەبۆنەی سەد و چوارەمین یادی دامەزراندنی سوپای عێراقی نەبەز و قەڵغانی وڵات و شورەی بەرهەڵستکار، بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی پیرۆزبایی لە کۆمەڵێك سەرکردە و ئەفسەری سوپای عیراقی کرد بەبۆنەی ئەرك و قوربانییەکانیان لەپێناو ئەمن و سەقامگیری عێراق.

سەماحەتی حەکیم لەم بارەیەوە لە بەیاننامەیێك لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەڵێت:
"لە سەد و چوارەمین یادی دامەزارندنی سوپای عێراقی نەبەز و قەڵغانی وڵات و شورەی بەرز، پیرۆزبایی لە دەزگای سەربازی دەکەین بە سەرکردە و ئەفسەر و پلەدارەکان و هەمیشە جەخت دەکەینەوە لەسەر پالپشتی کردنیان و گەڕان بەدوای دابینکردنی چەکی پێشکەوتوو وهەمەجۆر بەیان تا توانای سەربازی بگاتە ئاست سوپا مۆدێرنەکان و هەواڵگری سوپاکەش زیاتر پێ بکەوێت، هەروەها پالپشتی کردنی پاشکۆی سەربازی لە دەرەوە و بەردەوابوونی مەشق و ڕاهێنان بە گەیشتن بەئامادەباشی تەواو، لەسایەی ئەو ڕکاربەرییانەی لەهەموو شوێنێك دەوری نیشتمانیان داوە.

هەروەها ئەو هەلە دەقۆزمەوە بۆ ئەوەی باسی قوربانییەکانی سوپای عیراقی بکەن بەهەموو جۆرەکانییەوە لە ڕزگار کردنی عێراق و گەڕانەوەی ئاوارەکان تا خەڵکی بتوانن بۆ شوێنەکانی خۆیان بگەڕێنەوە، هەروەها جەخت دەکەینەوە لەسەر پێویستی دابەشکردنی زەوی و دروستکردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ کارمەندانی سەربازی و کە لەگەڵ پێگە و قوربانییەکانیان بگونجێت، لەگەڵ گرنگی هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکە بۆ دابین کردنی خزمەتگوزاری و ژێرخان بۆ ئەو کۆمەڵگانە.

هەروەها هانی دەستەلاتی تەشریعی دەدەین کە دادپەروەری بە دەزگای سەربازی ئەنجام بدات لەڕێگەی گۆڕینی چەند یاسایەك بۆ ئەوەی دۆخی مووچە و خانەنشینان وەك فەرمانبەران باشتر بکەن.
ڕێز و شکۆ بۆ شەهیدانی نیشتمان و قوربانیدەرانی سوپا بەهەموو جۆرەکانییەوە